٢٠٢٥

# فەلسەفەی هزریی کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی (ک.ک.ن)

## وە هەنگاوە کردارییەکانی




مادرین جەلال

سەرۆکی کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی

# بابەتەکان


پێشەکی.......... ١

کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی چییەو بۆچی دروست بووە؟.......... ٢

میکانیزمی جێبەجێکردنی هزری کۆبەست (ک.ک.ن).......... ٣

١. پاراستنی یەکپارچەیی خاک.......... ٣

٢. پەروەردە وەک داینەمۆی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی گرنگترین میکانیزمی کردەیی هزری پرادیگمای ک.ک.ن.......... ٣

٣ . کۆبەست سیستەمێکی چاودێری کۆمەڵایەتی دروست دەکات کە هەر تاکێک تێیدا بەرپرسیارە.......... ٤

٤. پێشخستنی سیاسەت و ئیدارەی دیپلۆماسی کورد.......... ٤

٥. پرۆژە هاوبەشەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی بەهێز.......... ٤

یەکگوتاریی کۆمەلایەتی.......... ٥

دووەمین کۆڕبەندی ک.ک.ن لە شاری ڕانیەو دروست کردنی سێ ئەنجومەنە گرنگەکە.......... ٧

یەکەم - ئەنجومەنی ئاشتەوایی نیشتیمانی.......... ٨

دووەم - ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان.......... ٩

سێیەم - ئەنجومەنی ئاینزانە نیشتیمانییەکان.......... ١٢

# پێشەکی

کۆبەست، بە فەلسەفەی هزری خۆی کە لەسەر یەکخستن، پێکەوەژیان، و بەرزکردنەوەی ناسنامەی نیشتیمانی دامەزراوە، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانییە، بەڵام شۆڕشێک کە لە ڕێگای گفتوگۆ و هزرەوە کاردەکات، ک.ک.ن کۆمەڵگەیەکی کوردی دروست دەکات کە لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و ڕێزگرتن بونیاد بنرێت، ناکۆکییە ناوخۆییەکان کەم بکرێنەوە و کۆتایی بە چەمکی خۆخۆری و خۆفرۆشی و جاشایەتی و براکوژی گەندەڵبازی بهێنرێت، هەروەها کۆبەست لە ڕێگای یەکێتی کۆمەڵایەتییەوە یەکگرتویی خاکی کوردوستان بپارێزێت، بە تایبەتی بە کۆکردنەوەی هۆزە کوردییەکان، کە زۆربەیان بەهۆی سنووری سیاسییەوە پارچەپارچە بوون، جارێکی تر بە پەیوەست بونە کۆمەڵایەتیەکان بەهێزترانە دروست ببنەوە، کۆبەست یەکپارچەیی خاک و نیشتیمان دەپارێزێت. لەم ڕێگایەدا یەکخستنی هۆزە کوردییەکان و پەرەدان بە پەروەردەی هەردوو داینەمۆی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان ژنان و گەنجان لە پێشینەکانمانن. کە لە هەموو قۆناخەکاندا دوژمنانی کورد هەوڵیان داوە ژنان وەک مەتایەک و گەنجانیش وەک سەرچاوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کارا بکەن هەر بۆیە بە پڕۆژە هاوبەشییەکان لە گەڵ تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردی لە دژی بێ ئیرادە کردنی ژنانو بە بوکەڵە کردن و بازرگانیکردن پێیانەوە دەوەستینەوە، بە پلان و بەرنامەوە کار دەکەین بۆ دورخستنەوەی گەنجان لە مادەی هۆشبەرو چەکی بێ مۆڵەت و مافیاگەری و ئە و جیهانە بێ ئەرزشەی کە دوژمنی کورد دەیەوێت بیکاتە مۆدێلی خۆشی،و جوانی، و پێشکەوتن و عەقڵی گەنجانی پێ لە ناو ببات.



دووەمین کۆڕبەندمان لە شاری ڕانیە

هەروەها ک.ک.ن پرسە نیشتیمانییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەرزدەکاتەوە، بە تایبەتی لە کاتی مەترسییەکاندا، هەوڵ دەدەین ئەنجومەنێکی یاسایی کورد دروست بکەین، بۆ ئەوەی ڕۆڵی کورد لە ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکاندا بەرز بکەنەوەو لەم ڕێگایەوە سنورو سیاسەت و هەبونی کورد پارێزراو بکەی.

## کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی چییەو بۆچی دروست بووە؟

کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی دامەزراوەیەکی خۆڕسکانەی سەرتاسەری کوردوستانییە لە سۆنگەی خەمخۆری و دڵسۆزییەوە، بەرپرسیارانەو ئاگاییانە لە دۆخی هەموو کورد بە هێزێکی نیشتمانپەروەرانە لە دایک بووە. ئێمە لە پێناو کۆکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ژێر سێبەری یەک وتاری کۆمەڵایەتی کار دەکەین. ئەم یەکگرتنە بناغەی هێزێکی نیشتمانپەروەرانەیە کە کوردستانمان دەکاتە نموونەیەک بۆ وەرچەرخان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە ڕوی کۆمەڵایەتی و مێژوییەوە.

کۆبەست پارێزەری ناسنامەی کوردییە، کە لە مێژوو، کەلتوور، و تێکۆشانەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم ناسنامەیە بەرز بکەینەوە و بیکەینە سەرچاوەیەک بۆ یەکگرتن، تا کوردستان، وەک نەتەوەیەکی جدی بون و بڕیاری هەبێت لە دۆخە جیهانی و گەردونییەکاندا، لەنێو پەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەگەر هەتا ئێستا کورد لە هەمو بیروڕاو ئایدیۆلۆجیاکاندا بەکارهێنرابێت لەمەو بەدواوە ناسنامەی نەتەوەییمان دەکەینە سەنتەری هەمو بیرو ڕا جیاوازەکانەوە.

ئێمە دژی هیچ کەسو لایەنێک نین، چونکە کورد لە ئێستادا لە جەنگی پاراستنی نیشتیمان و بەدەست هێنانەوەی خۆیدایە، لە بەرامبەر هێزی نەیاردا لە بە دەست هێنانەوەی ناسنامەو کلتورو نەریتدایە، هەروەها پێویستی بە جەنگی بەدەست هێنانەوەی پەیوەست بونە بە نیشتیمانەوە، لەو بازنەدا ئامانجمان دروست کردنی کۆمەڵگایەکی زیندوی خاوەن بڕیارە، میکانیزمی جێبەجێکردنی گەیشتن بە ئامانجەکانمان بە وردی ڕۆڵ بەخشینە بە تەواوی خەڵکی کوردوستان بە تایبەتی خێزان و هۆزەکان و زانکۆکان و مینبەری مزگەوتەکان، لە ناو ئەمانەشدا گەنجان ژنان و کەسایەتییە ئاینیی و ئەکادیمییەکان، نوسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیران. کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی ماڵی هەموو کەسایەتییە نیشتیمانییەکانە.

# میكانیزمی جێبەجێكردنی هزری كۆبەست (ک.ک.ن)

كۆبەست پلانێكی ورد و پێكەوەگرێدراو بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانی و كۆمەڵایەتییەكان دەخاتەڕوو، كە لە چەند بازنەی سەرەكی پێكدێت:




١. پاراستنی یەكپارچەیی خاک زەروریترین كارە كە دەبێت كورد ئەنجامی بدات و بە كرداری هەنگاوی بۆ بنێت. ئێمە لە ڕێگای یەكخستنی هۆزە كوردیەكانەوە ئەم كارە ئەنجام دەدەین. سنووره سیاسییەكان كە بە زۆر لەلایەن داگیركەرانەوە بەسەر كوردستاندا سەپێنراون، ناتوانن ئیرادەی گەلی كورد بەش و پارچە بكەن، كۆبەست پلاتفۆرمێكی نیشتیمانی دروست كردووە كە هەموو هۆزە كوردییەكان لە هەر شوێنێكی ئەم جیهانەدا، لە ژێر یەک چەتر كۆدەكاتەوە.

ئەم یەكخستنە لە ڕێگای گفتوگۆیەكی كراوە و كۆبوونەوەی كۆمەڵایەتییەوە جێ بەجێ دەكات، بە شێوەیەک ببێتە ئەڵقەیەكی بە یەک گەیاندنی هەمو هۆزەكان بە یەكتری و هەروەها ئەگەر هۆزێک بەشێكی لە مەهاباد بێت و بەشێكی لە دیاربەكر و بەشێكی لە چەمچەماڵ لەم ڕێگایەوە ئەوانە جارێكی تر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیان بەهێز بكرێنەوەو یەک بگرنەوە ، هەموویان یەک دەنگ و یەک بڕیار بن. كۆبەست هەوڵ دەدات كوردستانێكی یەكپارچە لە دڵ و هزرەكانەوە دروست بكات، كە سنووره سیاسییەكان ناتوانن بیانشكێنن. ئەمە بە دامەزراندنی كۆبوونەوە نیشتیمانییەكان، كەمپەینەكانی هۆشیاری، و پرۆژە هاوبەشەكان دەستەبەر دەبێت كە هەموو كوردەكان بەشداری تێدا دەكەن.

لە ڕوانگەی ک.ک.ن یەكخستنی هۆزەكان تەنها كۆبوونەوەیەكی فیزیكی نییە، بەڵكو دروستكردنی كەلتوورێكی كۆمەڵایەتییە كە هەموو كوردەكان لە ژێر چەتری ناسنامەیەكی هاوبەشدا كۆبكاتەوە. ئەمە لە ڕێگای كۆنفرانسە نیشتیمانییەكان، وۆركشۆپە كەلتوورییەكان، و پرۆژەكانی هۆشیارییەوە دەستەبەر دەكەین.



٢. پەروەردە وەک داینەمۆی وەرچەرخانی كۆمەڵایەتی گرنگترین میكانیزمی كردەیی هزری پرادیگمای ک.ک.ن، ژنان و گەنجان پایە سەرەكییەكانی كۆمەڵگەی كوردین. كۆبەست لانێكی ورد بۆ پەرەپێدانی پەروەردەیی داڕشتووە كە ژنان لە بە مەتاكردن، و بازرگانیكردن پێیانەوە ئازاد دەكات. ئێمە ناوەندەكانی پەروەردە و هۆشیاری دایكان و باوكان بە تایبەتی بۆ ژنان دروست دەكەین چونكە ژنی ژیرو عاقڵ، ژنی پەروەردە كراو توانای دروست كردنی كوردوستانێكی پڕ لە ئاشتەوایی و یەكگرتووی هەیە، ژنان دەسەڵاتێكی سروشتییان هەیە، كە لە سەر بنەمای وتەو هەڵسوكەوتیان كۆمەڵگا دروست دەبێت، دەبێت ڕۆڵی پیشەنگایەتیان بۆ بگەڕێنرێتەوە هەتا كۆمەڵگەی كوردیش بگەڕێتەوە بۆ ڕەسەنایەتی خۆی و كولتورو بونی خۆی بپارێزێت.

هەروەها، گەنجانمان لە مادە هۆشبەرەكان، چەكی بێمۆڵەت، و مافیاگەری دەپارێزین. كۆبەست پرۆژەكانی وەک دامەزراندنی ناوەندەكانی پەروەردەی پیشەیی، وۆركشۆپی هۆشیاری، و كەمپەینەكانی كۆمەڵایەتی جێبەجێ دەكات بۆ ئەوەی گەنجەكانمان وەک سەركردەی داهاتووی كوردستان گەشە بكەن، نە وەک ئامرازێک بۆ كەلتورێک كە دوژمن دەیەوێت بەسەرماندا بیسەپێنێت.

پەروەردە لە كۆبەستدا تەنها فێربوونی زانستی نییە، بەڵكو دروستكردنی هۆشیارییەكی نیشتیمانییە كە ژنان و گەنجان وەک پێشەنگەكانی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی ئامادە دەكات. ئێمە سیستەمێكی پەروەردەییمان هەیە بە بەرنامە هەنگاوەكان هەڵدێنینەوە، كە لەسەر بنەمای كوردایەتی، یەكسانی، و پێشكەوتنە.

٣. کۆبەست سیستەمێکی چاودێری کۆمەڵایەتی دروست دەکات کە هەر تاکێک تێیدا بەرپرسیارە. ئەم سیستەمە لە ڕێگای دامەزراوە ناوخۆییەکان و بەشداری کۆمەڵایەتییەوە کار دەکات بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکی و گەندەڵی.

کۆبەست بە توندی دژی خۆخۆری، جاشایەتی، براکوژی، و گەندەڵی دەوەستێتەوە. ئێمە میکانیزمێکی شەفاف و کۆمەڵایەتی دروست دەکەین کە گەندەڵی لەڕەگوڕیشەوە کۆتایی پێدێت. ئەمە لە ڕێگای دامەزراندنی کۆمیتەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی سیستەمی یاسایی ناوخۆیی، و هاندانی کەلتووری ڕێزگرتن و یەکسانی دەبێت. کۆبەست کۆمەڵگەیەک دروست دەکات کە هەموو تاکەکان تێیدا بەرپرسیارن و متمانە بناغەی پەیوەندییەکانی نێوانیانە.

٤. پێشخستنی سیاسەت و ئیدارەی دیبلۆماسی کورد، لەم ڕێگایەوە بەرزکردنەوەی دەنگی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گرنگە، کۆبەست لە ڕێگای دامەزراندنی ئەنجومەنی یاسایی کوردی و کەمپەینە نێودەوڵەتییەکانەوە، دەنگی کورد بەرز دەکاتەوە. ئەمە لە ڕێگای بەشداریکردن لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان، و بەرزکردنەوەی مافەکانی کورد لەسەر ئاستی جیهانی دەبێت.

ک.ک.ن هەوڵ دەدات ئەنجومەنێکی یاسایی کوردی دامەزرێنێت کە وەک نوێنەرێکی فەرمی دەنگی کورد لەسەر مێزی گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان بەرز بکاتەوە. ئەم ئەنجومەنە دەبێتە پلاتفۆرمێک بۆ پاراستنی مافەکانی کورد، بەتایبەتی لە کاتی مەترسییەکاندا. کۆبەست لە ڕێگای کەمپەینەکانی دبلۆماسی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، سنوور، ناسنامە، و هەبوونی کورد لە ڕێکخستنە نێودەوڵەتییەکاندا دەپارێزێت. ئێمە دەنگی کورد بەرز دەکەینەوە تا جیهان تەنها ئازارەکانمان نەبینێت، بەڵکو ئیرادە و پێگەی نیشتیمانیشمان بناسێت.

٥. پرۆژە هاوبەشەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی بەهێز، کۆبەست لەگەڵ هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی کار دەکات. ئێمە پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان وەک دامەزراندنی ناوەندەکانی پەروەردە، کەمپەینەکانی هۆشیاری، و پلانە ئابوورییەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ و بەهێز جێبەجێ دەکەین.

ئەم پرۆژانە بەشداری هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لەخۆدەگرن، لە پسپۆڕان و شارەزایانی ئتکادیمی هەتا مامۆستایانی ئاینی و دادوەرو مامۆستایان، پارێزەران و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانە ژنان و گەنجانەوە بگرە تا کەسانی پێگەیشتوو و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و هزرمەندەکان، کۆبەست کۆمەڵگەیەک دروست دەکات کە هەموو تاکەکان تێیدا خاوەنی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتین. لە ژێر دروشمی "بەرەو یەکگوتاری کۆمەڵایەتی " لە دووەمین کۆڕبەندی کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی دا چوینە قۆناخێکی تر لە تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی.

# یەکگوتاری کۆمەڵایەتی




یەکگوتاری کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەوڵێکی ستراتیژی و درێژخایەنە بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی فکری، کەلتووری و سیاسی کە کۆمەڵگەی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی هاوبەش یەکبخات. ئەم چوارچێوەیە ئامانجیەتی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان، و توێژە جیاوازەکان لە ژێر ناسنامەی کوردستانیدا کۆبکاتەوە، بە مەبەستی پتەوکردنی ئیرادەی نیشتمانی، پاراستنی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی، و بەرگریکردن لە ئاڵنگارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

## گرنگی یەکگوتاری کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا

کوردستان، وەک هەرێمێکی کەلتووری هەمەچەشن، لە سەدەی بیست و یەکەمدا رووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری بووەتەوە کە پێویستی بە یەکگوتاری کۆمەڵایەتییەکی پتەو هەیە:

- هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی و ئایینی: کوردستان کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشنە کە کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، کەلدانی، یەزیدی، موسڵمان، مەسیحی و ئایینەکانی تری لەخۆدەگرێت. بەپێی ئامارەکانی ٢٠٢٣، نزیکەی ٦ ملیۆن کەس لە هەرێمی کوردستان دەژین، کە ٪٨٥ کورد، ٪١٠ عەرەب و تورکمان، و ٪٥ پێکهاتەکانی ترن. ئەم هەمەچەشنییە پێویستی بە یەکگوتارێک هەیە کە هەمووان لە خۆبگرێت.

- ئاڵنگارییە سیاسییەکان: کوردستان لە ناوچەیەکی ناسەقامگیر دایە کە دەوڵەتە دراوسێکان (تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا) کاریگەرییەکی زۆریان لەسەرە. یەکگوتاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت کوردستان لە بەرامبەر ئەم فشارانەدا یەکگرتوو بکات.

- گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی: بەپێی راپۆرتی بانکی جیهانی ٢٠٢٤، رێژەی هەژاری لە کوردستان ٪١٢ و بێکاری لە نێو گەنجاندا ٪ ٢٥ە. یەکگوتاری کۆمەڵایەتی دەتوانێت متمانەی کۆمەڵایەتی بەرزبکاتەوە و هەوڵەکانی گەشەسەندن یەکبخات. لە ڕێگای یەک دەستی کۆمەڵایەتی و بونیاد نانی پرۆژەی کارو گۆزەی هاوکاری لە نێو ماڵبات و هۆزو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاند.

- ئاسەواری جەنگ و داعش: هەرچەندە داعش لە ٢٠١٧ شکستی خوارد، ئاسەواری جەنگەکەی لەسەر کوردستان، بەتایبەتی لە کەرکووک و نەینەوا، ماوەتەوە. نزیکەی ١.٢ ملیۆن ئاوارە لە کوردستانن کە پێویستیان بە یەکخستنی کۆمەڵایەتی هەیە. بەمەش ئەو پەرتەوازیە دەستکردەی لە دیمۆگرافیای کوردوستاندا دروست بووە، بە یەکگوتاری کۆمەڵایەتی بێ ڕۆڵ دەکرێت.

## بنەماکانی یەکگوتاری کۆمەڵایەتی

یەکگوتاری کۆمەڵایەتی پێویستی بە بنەمایەکی ستراتیژی هەیە کە لەسەر ئەم خاڵانە بونیادی دەنێین:

- ناسنامەی کوردستانی: ناسنامەی کوردستانی دەبێت وەک چوارچێوەیەکی گشتی پێناسە بکرێت کە هەموو پێکهاتەکان لەخۆبگرێت، بە پشتبەستن بە هاووڵاتیبوون، دیموکراسی و ڕێزگرتن لە هەمەچەشنی.

- یەکسانی کۆمەڵایەتی: یەکگوتاری کۆمەڵایەتی دەبێت سیاسەتەکانی یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی پتەوبکات، بەتایبەتی بۆ ژنان، گەنجان و کەمایەتییەکان.

- پەرەپێدانی کەلتووری: کەلتووری کوردی، بە تایبەتی زمان، ئەدەب و هونەر، دەبێت وەک سەرچاوەیەکی یەکخستن و ڕێکخستن بەکاربێت، لەگەڵ ڕێزگرتن لە کەلتووری پێکهاتەکانی تر وەک ئاشووری و یەزیدی.

- پەروەردە و هۆشیاری: پەروەردە دەبێت ڕۆڵی سەرەکی ببینێت لە پەرەپێدانی نەوەیەکی هۆشیار بە ناسنامەی کوردستانی. بەپێی ئامارەکانی ٢٠٢٤، ڕێژەی خوێندەواری لە کوردستان ٪٩٢ە، بەڵام ناوەڕۆکی پەروەردە پێویستی بە زیاتر گرنگیدان بە یەکگرتن و هاووڵاتیبوونە.

## ئاڵنگارییەکانی بەردەم یەکگوتاری کۆمەڵایەتی

- دابەشبوونی سیاسی : دابەشبوونی نێوان پارتە سیاسییەکان ئاڵنگارییەکی سەرەکییە

- فشارە دەرەکییەکان: دەوڵەتە دراوسێکان بەردەوام هەوڵدەدەن کۆمەڵگەی کوردستان دابەش بکەن یان کاریگەریی خۆیان لەسەری بسەپێنن و بە بەرنامەو ئەجندای ورد، کوردوستان لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بکەنە سەرچاوەی کێشەو گرفت.

## ستراتیژی جێبەجێکردنی یەکگوتاری کۆمەڵایەتی

لە دروست کردنی یەکگرتویی نیشتمانیدایە، هەر بۆیە ئەنجومەنی بەرژەوەندی نیشتمانیمان دامەزراند ،کە نوینەرایەتی هەموو پێکهاتەکان دەکات، بۆ دروستکردن و جیبەجێکردنی یەکگوتاری کۆمەڵایەتی ، ئەم ئەنجومەنە پلاتفۆرمێک بۆ گفتوگۆی نێوان پێکهاتەکان دروست دەکات. لە کێشەی نەتەوەکان و لە ڕوی ئابوری و یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە، یەکگوتاری کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، تەنها هەوڵێکی فکری نیە، بەڵکو. پێویستییەکی نیشتمانییە، کە دەکرێت ئەم ئەنجومەنە دوو فاق کار بکات، هەم لە تەواوی عێراق و لە هەرێمی کوردوستانیش بە تایبەتی. لە ژێر ڕۆشنایی (بەرەو یەکگوتاری کۆمەڵایەتی ).

# دووەمین کۆڕبەندی ک.ک.ن لە شاری ڕانیەو دروست کردنی سێ ئەنجومەنە گرنگەکە

دامەزراوەی کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی لە بەرواری ٢٠٢٤/٧/١٣ وەک هزرێکی نوێ هێنایە بوون، کە ئامانجی بەرزکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردییە، بەرەو یەکپارچەیی نیشتیمانی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی.

لە دووەمین کۆڕبەندی ک.ک.ن لە شاری ڕانیە لە ٢٠٢٥/٤/٢٦دا وەکو هەنگاوی کردەیی بۆ ئامانجە ستراتیجییەکانمان لە گەڵ ئەوەی نازناوی "پایتەختی شۆڕشەکان"مان بە شاری ڕانیە بەخشی، کە نیشانەی ڕۆڵی گرینگی ئەم شارەیە وەک ناوەندێکی سیاسی و کولتووری. سێ ئەنجومەنی گرنگیشمان ڕاگەیاند وەکو هەنگاوی کردەیی بۆ ئامانجە ستراتیجییەکانمان ، کە ئەوانەش ئەنجومەنی ئاشتەوایی نیشتیمانی، ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان، و ئەنجومەنی ئاینزانە نیشتیمانییەکانن.

هەرسێ ئەنجومەنەکەش وەک کۆڵەکەی سەرەکی ئەم هەوڵە نیشتیمانییە کاردەکەن، کە سنوورە جوگرافییەکان دەبەزێنن و لە هەر شوێنێک کوردێکی لێ بێت، بۆ یەکخستن و پاراستنی ناسنامەی کوردی هەوڵ دەدەن.

ئەم ئەنجومەنانە، لەسەر بنەمای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی نوێی کۆبەست ، کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو دروست دەکەن کە هەموو ئاین و ئایدیا جیاوازەکان لە ئیسلامەوە تا ئێزدی، مەسیحی، یارسان، و زەردەشتی خۆیانی تێیدا دەبیننەوە.

سێ ئەنجومەنەکەی کۆبەست ئەنجومەنی ئاشتەوایی نیشتیمانی، ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان، و ئەنجومەنی ئایتزانە نیشتیمانییەکان وەک بنەما ستراتیجییەکانی ک.ک.ن کاردەکەن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی کوردی سەقامگیر کە هەموو کۆمەڵگە، سەرەڕای جیاوازییە ئایینی و ئایدیاییەکان، لەخۆدەگرێت.

ئەم ئەنجومەنانە، بە بڕینی سنووری جوگرافی کاردەکەن، ئامانجەکانی کۆبەست لە بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتیمانی، زیندووکردنەوەی ڕەسەنایەتی کوردی، و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای کارکردن لەسەر خێزان، هۆزەکان، و کۆمەڵگەی ئایینی جێبەجێ دەکەن. ئێمە بە هیوایەکی گەورەوە بۆ ئایندەیەکی باشتر هەوڵ دەدەین، ، دەمەوێت هەر جارەو یەکێک لە ئەنجومەنەکان هەڵبسەنگێنم ، ئەم ئەنجومەنانەمان بۆ دروست کرد؟ ڕۆڵیان چییە؟ دەتوانن چی بکەن؟ چۆن ئەرکە مێژووییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.



## یەکەم - ئەنجومەنی ئاشتەوایی نیشتیمانی



کۆڵەکەی سەقامگیری و پێکەوەژیانە، ئەنجومەنی ئاشتەوایی نیشتیمانی وەک هێزێکی نیشتیمانی یەکگرتوو کاردەکات کە ڕێگا لە شەڕی ناوخۆ دەگرێت، پەرە بە ئاشتەوایی دەدات، و پارێزەری کەرامەت و مافەکانی کوردە لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەم ئەنجومەنە، کە لەسەر بنەمای گفتوگۆ و پێکەوەژیان کار دەکات، کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر دروست دەکات کە هەموو ئاینەکان لە موسڵمانەکانەوە تا ئێزدی، مەسیحی، یارسان، و زەردەشتی و هەموو ئایدیا جیاوازەکان خۆیانی تێیدا دەبیننەوە. لە کاتی مەترسی لەسەر نیشتیمان، وەک هێرشە سیاسی یان سەربازییەکان، ئەنجومەنەکە دەکەینە جوڵە و دەنگی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرز دەکاتەوە، لە ڕێگای لۆبی و داواکاری لە دادگاکانی نێودەوڵەتییەوە کار دەکات.

### میکانیزمەکانی جێبەجێکردن:

ئەنجومەنی ئاشتەوایی نیشتیمانی هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی نێوەندگیری لەگەڵ سەرکردەی هۆزەکان، نوێنەرانی ئاینی، و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان، مەزهەبییەکان و هتد

ئەنجومەنەکە بەرپرسیارە لەوەی بەرنامەی بەهێز ئامادە بکات بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانس و وۆرکشۆپی پەروەردەیی بۆ کەسایەتییە سیاسی ، ئیداری ، ئاینی ، کۆمەڵایەتییەکان ، سەبارەت بە گرینگی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان.

ئەرکێکی گەورەتر لە ئاستی دەرەوەی کوردوستان دەکەوێتە سەر ئەنجومەنی نیشتیمانی، ئەویش دروستکردنی تیمی لۆبی لە وڵاتانی گرینگ، دەبێت دەرفەت دروست بکەن بەشداری لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا بکەن بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی کورد.

ئەم ئەنجومەنە ئەرکدارن پەیوەندی بە هێزە نیشتیمانییەکان ەوە بکەن بۆ پشتیوانی لە هەوڵی ئاشتەوایی، بە مەبەستی بەهێزکردنی ئەرکە نیشتیمانیەکانمان پێویستە پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دروست بکەن وەک ڕێکخراوەکانی ژنان و گەنجان، دەتوانن کەمپینەکانی ئاشتەوایی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکبخەن و وەک نێوەندگیر کار بکەن لە نێوان (خێزان، هۆزەکان، و کۆمەڵگەی ئاینی)

+

## دووەم - ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان



هەر لە دووەمین کۆڕبەندماندا ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکانی کۆبەستمان ڕاگەیاند بە مەبەستی یەکخستنی هۆزەکان و پاراستنی یەکپارچەیی خاکمان. گرنگی ئەم ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییانە لەوەدایە وەک پلاتفۆرمێکی ستراتیژی کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی هەموو هۆزە کوردییەکان، کە زۆرجار بەهۆی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە، یان بە هۆی سیاسەتی دیمۆگرافیای دوژمنانەوە لێک هەڵوەشاونەتەوەو پارچەپارچە بوون. ئەم ئەنجومەنە هەوڵدەدات هۆزەکان لە پارچەبوون رزگار بکات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان بەهێز بکات، کە ئەمەش بەشێکی گرینگی پاراستنی یەکپارچەیی خاک و نیشتیمانی کوردستانە. هۆزەکان، وەک یەکەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵگەی کوردی، دەتوانن سەرمەشقی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوێستە نیشتیمانییەکان بن، و لە ڕێگای سوڵح و نێوەندگیرییەکانیانەوە کۆمەڵگەیەکی ئارام و دوور لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکەن. ئەم ئەنجومەنە، کە زۆربەی کۆمەڵگای کورد لەخۆدەگرێت، پلاتفۆرمێکە کە ئاین و ئایدیا جیاوازەکان لە چوارچێوەی ناسنامەی کوردی تێیدا کۆدەبنەوە.

### میکانیزمی کردەیی کردنی ئەم ئەنجومەنەمان بەرفراوانە به تایبەتی:

- کۆبوونەوەی هۆزەکان: ڕێکخستنی کۆنفرانسەکان بۆ کۆکردنەوەی سەرکردەی هۆزەکان لە سەرانسەری کوردستان، لە عێراقەوە تا تورکیا، ئێران، و سوریا، بۆ گفتوگۆ لەسەر بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان.

- چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان: پەرەپێدانی نەریتە هۆزییەکان بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان هاوسەنگ بێت، وەک کەمکردنەوەی کێشەی خێزانی یان ناکۆکییە هۆزییەکان و کێشەکانی زەویوزار.

- پرۆژەی ئابووری: ڕێکخستنی پرۆژەکانی کشتوکاڵی یان پیشەسازی کە هۆزەکان تێیدا بەشدارین و هەلی کار بۆ گەنجان دابین بکەن. هەروەها دروست کردنی سندوقی هاوکاری و نەهێشتنی هەژاری لە نێو خێزانەکاندا، هۆزەکان لەم ڕێگایەوە دەتوانن دەستگیرۆیی ئەو خێزانانەی ناوخۆیان بکەن کە بێ جێگاو ڕێگان، ئەو منداڵانەی بە هۆی کەمدەرەمەتی خێزانەکانیانەوە لە خوێندن دابڕاون، بیانگەڕێننەوە بۆ ناو پرۆسەی خوێندن، ببنە پشتو پەنا بۆ نەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە ، بەم جۆرە لە نێو خۆیاندا دەتوانن پرۆژەی بچوک و هەلی کار بۆ گەنجانی خۆیان دروست بکەن، بەڵام هەموو ئەمانە پێویستیان بە خۆ ڕێکخستن هەیە لە چوارچێوەی هزرمەندیەتی ک.ک.ن.

ئەم ئەنجومەنە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانییەکانی ک.ک.ن ئەرکدارە پەیوەندی بە ئەنجومەنەکانی ترەوە هەبێت ، لەوانە ئەنجومەنی ئاشتەوایی نیشتیمانی، هۆزەکان دەتوانن لەگەڵ ئەنجومەنی ئاشتەوایی هاوئاهەنگی بکەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە هۆزییەکان و بەهێزکردنی ئاشتەوایی. وە دەتوانن پەیوەندییان هەبێت بە

ئەنجومەنی ئایینزانە نیشتیمانییەکانەوە، چونکە زۆر جار پەیوەندییەکی ئایینی قووڵیان هەیە، دەتوانن لەگەڵ ئەم ئەنجومەنە هاوئاهەنگی بکەن بۆ پەرەپێدانی پێکەوەژیانی ئایینی و کولتووری.

هەروەها ئەم ئەنجومەنە دەتوانن لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە کۆنفرانسی هۆزەکان ڕێکبخەن و چالاکیە کولتوورییەکان پەرەپێبدەن کە هۆزەکان بە ناسنامەی کوردی نزیک دەکەنەوە.

دروستکردنی ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا هەنگاوێکی گرنگە لە پێناوی بەهێزکردنی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ناسنامەی کوردی و ڕێکخستنەوەی عەشیرەتەکان بە شێوەیەکی مۆدێرن و مەدەنی.

عەشیرەتەکان لە مێژووی کورددا ڕۆڵێکی سەرەکییان لە یەکخستن و پاراستنی کەلتوور و نەریتەکاندا گێڕاوە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا، هەندێک جار وەک دامەزراوەیەکی کۆنەپەرست پیشان دراون. ئەم ئەنجومەنە بە مەبەستی بەکارهێنانی تواناکانی هۆزەکان بە شێوەیەکی سەردەمیانە دروست کراوە بۆ ئەوەی وەک پلاتفۆرمێکی مەدەنی و پێشکەوتوو، کۆمەڵگای کوردی بەرەو ئامانجە نیشتیمانی و کەلتوورییەکان ببات.

## هۆکارەکانی دروستکردنی ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان

دروستکردنی ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان وەڵامێکە بۆ پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە سەردەمی ئێستادا ،کە پێویستی بە یەکگرتوویی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، و پاراستنی ناسنامەی کوردی هەیە. هۆکارە سەرەکییەکانی دروستکردنی ئەم ئەنجومەنە:

- پاراستنی ناسنامەی کوردی: عەشیرەتەکان وەک بنچینەیەکی ڕەگپارێز و ڕەسەن، دەتوانن لە بەرگریکردن لە ناسنامەی کوردی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگییەکانی جیهانگیری و ئاسیمیلیشن(توانەووەی) کەلتووریدا ڕۆڵی سەرەکی ببینن.

- بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان: عەشیرەتەکان لە مێژوودا هێزێکی یەکخەری کۆمەڵایەتی بوون، و ئەنجومەنەکە هەوڵ دەدات ئەم هێزە بە شێوەیەکی مۆدێرن و ڕێکخراو بەکاربهێنێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

- چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان: ئەنجومەنەکە کێشە عەشایەرییەکان، وەک ناکۆکییەکان یان کێشە ئابوورییەکان، بە شێوەیەکی مەدەنی و دیموکراتیک چارەسەر بکات.

- بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی: ئەنجومەنەکە هەوڵ دەدات هۆشیاری نیشتیمانی لە نێو کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە و کۆمەڵگای کوردی بەرەوئامانجە نیشتیمانییەکان، وەک یەکپارچەیی خاکی کوردستان، هەنگاو بنێت.

## گرنگی و کاریگەرییەکانی ئەنجومەنەکە

ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان وەک پلاتفۆرمێکی مەدەنی و پێشکەوتوو، دەتوانێت عەشیرەتەکان لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو و سەردەمیانەدا سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە. ئەمەش لە چەندین ڕووەوە گرنگی هەیە:

- یەکخستنی کۆمەڵگا: عەشیرەتەکان دەتوانن وەک هێزێکی یەکگرتوو، کۆمەڵگای کوردی لە ژێر کاریگەرییەکانی جیهانگیری و پەرشوبڵاوی کەلتووری پاراستنی ناسنامەی کوردی بکەن.

- پتەوکردنی دیموکراسی: ئەنجومەنەکە پابەندە بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی، یەکسانی، و مافەکانی مرۆڤ، کە یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و سەقامگیر.

- چارەسەری کێشەکان: لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی عەشیرەتەکان،ئەنجومەنەکە دەتوانێت کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە شێوەیەکی مەدەنی چارەسەر بکات، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییە عەشایەرییەکان.

- پاراستنی نەریتەکان: ئەنجومەنەکە هەوڵ دەدات نەریت و کەلتووری کوردی بپارێزێت، بەڵام بە شێوەیەکی سەردەمیانە کە لەگەڵ بنەماکانی مۆدێرنیتەدا بگونجێت.

## لێکدانەوەی واقیعی

لە رووی واقیعییەوە، دروستکردنی ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان هەنگاوێکی گرنگە بۆ کۆمەڵگای کوردی، بە تایبەت لە سەردەمێکدا کە کۆمەڵگاکەمان روبەڕووی ئاستەنگییەکانی جیهانگیری، ئاسیمیلیشن، و پەرشوبلاوی کەلتووری دەبێتەوە. عەشیرەتەکانمان، بە هۆی مێژوو و رەگەکانیان، دەتوانن وەک هێزێکی رەسەن و کاریگەر لە یەکخستنی کۆمەڵگادا رۆڵ ببینن، بەڵام پێویستیان بە رێکخستنەوەیەکی سەردەمیانە هەیە تا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێن. ئەنجومەنەکە دەتوانێت ئەم پێویستییە پڕ بکاتەوە بە رێکخستنی عەشیرەتەکان لە چوارچێوەیەکی یاسایی و مەدەنیدا، کە پابەند بێت بە بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ.

لە هەمان کاتدا، ئەم هەنگاوە دەتوانێت چەندین ئاستەنگ لەبەردەم خۆیدا ببینێت، بە تایبەتی قبوڵکردنی گۆڕانکاری لە نێو سیفاتی کۆنەپەرستیدا. یان کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی دارایی و رێکخراوەیی. بەڵام، بە بەردەوامبوونی هەوڵەکان و پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مۆدێرنیتە، ئەنجومەنەکە دەتوانێت ئەم ئاستەنگانە تێبپەڕێنێت و ببێتە هێزێکی چالاک لە پێناو ئامانجە نیشتیمانی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی.

ئەنجومەنی هۆزە نیشتیمانییەکان وەک یەکێک لە ئەنجومەنە سەرەکییەکانی کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی سەردەمیانە و رێکخراوانە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە بەهێزکردنی کۆمەڵگای کوردی و پاراستنی ناسنامەی کوردیدا ببینێت. ئەم ئەنجومەنە، بە بەکارهێنانی توانای عەشیرەتەکان بە شێوەیەکی مەدەنی و پێشکەوتوو، دەتوانێت کۆمەڵگای کوردی بەرەو یەکگرتوویی، سەقامگیری، و پێشکەوتن ببات، لە کۆتاییدا، ئەم هەنگاوە وەڵامێکی ستراتیژییە بۆ پێویستییەکانی سەردەمی ئێستا، کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای کوردیدایا، بە پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراسی و مۆدێرنیتە، بە بێ گەڕانەوە بۆ نەریتە پێچەووانەکانی سەردەمی ئەمرۆ.



## سێیەم - ئەنجومەنی ئاینزانە نیشتیمانییەکان



"سەنگەری پێکەوەژیان و فرەیی" کوردستان، وەک کۆمەڵگەیەکی فرەئایین، ئاینەکانی ئیسلام، ئێزدی، مەسیحی، یارسان، و زەردەشتی لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان بەشێکن لە ناسنامەی کوردی. ئەنجومەنی ئاینزانە نیشتیمانییەکان هەوڵدەدات پێکەوەژیانی ئایینی پەرەپێبدات و کولتوورە ئایینییەکان وەک بەشێک لە رەسەنایەتی کوردی بەرزبکاتەوە. ئەم ئەنجومەنە، کە هەموو ئاینەکان لەخۆدەگرێت، وەک پلاتفۆرمێک کاردەکات کە هەموو کۆمەڵگە، سەرەڕای جیاوازییە ئایینی و ئایدیاییەکان، تێیدا یەکدەگرن و خۆیان تێیدا دەبیننەوە.

ئەنجومەنی ئاینزانە نیشتیمانییەکانی کۆبەست دەبێت پەیوەندی بە هەردوو ئەنجومەنەکانی ترەوە هەبێت، بە تایبەتی پەیوەندی بە ئەنجومەنی ئاشتەوایی نیشتیمانییەوە، ئەم ئەنجومەنە دەتوانێت لەگەڵ ئەنجومەنی ئاینزانە نیشتیمانییەکاندا هەماهەنگی بکات بۆ پەرەپێدانی ئاشتەوایی لە ڕێگای پەیامە ئایینییەکانەوە وهەروەها پەیوەندی هەبێت لە گەڵ ئەنجومەنی هۆزە

میکانیزمەکانی چونە قۆناغی کرداری ئەم ئەنجومەنە بە شێوەیەکی زۆر ڕون دەست نیشان دەکەم و لەو چوارچێوەیەدا ئیشی لەسەر دەکرێت کە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان بۆ گفتوگۆی ئایینی کە نوێنەرانی هەموو ئاینەکان تێیدا بەشداربن بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتن و پێکەوەژیان. هاوکات چالاکی کولتووری و ڕێکخستنی فیستیڤاڵە ئایینییەکان ، کولتووری ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەخەنەڕوو، وەک ئاهەنگەکانی نەورۆز یان جەژنە ئایینییەکان. ئەم ئەنجومەنە ئەرکی سەر شانیەتی کە مافی کۆمەڵگای تەواوی ئاینەکان بپارێزێت، وەک ئێزدی و ئیسلام و مەسیحییەکان، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

نیشتیمانییەکان، هۆزەکان، کە زۆرجار پەیوەندییەکی ئایینی قووڵیان هەیە، دەتوانن لەگەڵ ئەم ئەنجومەنە کاربکەن بۆ زیندووکردنەوەی کولتوورە ئایینی و هۆزییەکان. لەم میانەوە دەتوانن کەمپینەکانی هۆشیاری ڕێکبخەن بۆ بڵاوکردنەوەی پێکەوەژیانی ئایینی و چالاکییە کولتوورییەکان پەرەپێبدەن کە هەموو ئاینەکان لەخۆدەگرن.

کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی